# لینین ڕەمزی ڕابەری بە ئیرادەی ئینسانی کرێکارانە...!

**( لە هەشتاو شەشەمین ساڵڕۆژی یادی مەرگی لینینی ڕابەر دا )**




**موزەفەر عەبدولا**
mozafar_as@yahoo.com

**فلادیمیر ئلیتش ئۆلیانۆف ناسراو بە ( لینین ) لە ساڵی22-4- 1870 لە دایك بووەو لە 21 جەنیوەری ساڵی 1924 بۆ یەکجاری چاوی لێکنا و دڵ و مێشکی پڕ لە ئارەزوو و هیواو هۆش و بیری تیژی لە لێدان کەوت.هەڵبەت وێرای کاری تاقەت پرۆکێنی لە مەیدانی  فکری و سیاسی و پراتیکیدا، هاوکات کاریگەری برینی مێشکی بەهۆی کاریکی تیرۆریستی یەوە لە چەند ساڵ بەر لەمردنی هۆکارێکی سەرەکی بووە لە مردنی ناوەختیدا.لیننی مەزن لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەی دا بەهۆی درك کردنی قوڵی بە ناوەڕۆکی شورشگێڕانەی تیۆری مارکسیزم توانی بێتە یەکەمین ڕابەری سیاسی و کۆمەلآیەتی مارکسیزم لە جهاندا.بە وتەی منسور حیکمەت : لینین تەفسیریکی جیاوازی هەبوو بۆ مارکسیزم وەك لە هەموو کەسێکی تر.تەفسیری ئەو کە بنەماکەی لە تێزەکانی فیورباخی مارکسدایە بۆ ئادەمیزاد کە لە مێژوودا بونەوەرێکی زیندووەو پێویستە ئەو زیندوو بوونەی لە جهاندا بسەلمێنێ لە ڕێگای دیاری کردنی ڕێڕەوی کۆمەڵگا بە هۆی ئیرادەی ئینسان خۆیەوە .وە کۆمەڵگا هەر خود بە خود بە ڕێرەویکدا ناڕوات ، بەڵکو ئەوە مرۆڤەکانە پێویستە تەسمیم بگرێت و باس و ئاما نجی خۆی مەترەح بکات و مێژوو بەرەو ئەو ڕێرەوە ببات کە خۆی دەیەوێت.بۆیە لینین یەکەمین ڕابەری چینایەتی کارگەرانەلە جهاندا تا ئەمڕۆ کە گرینگترین تێزەکانی مارکسی بە کردەوە دەرهێناوەو هێنایە دی.هەروەك مارکس  دەڵێت فەیلەسوفەکانی پێشوو تەنها جهانیان لێکداوەتەوە لە کاتێکدا گرینگ گۆرینێتی.وە ئەمەش لە باسە سیاسی و فکری و عەمەلی یەکانی لە شۆرشی ئۆکتۆبەری 1917 دا بە کردەوە هینایە دی.**

**ڕاستە ئەمرۆ ئەم تاقی کردنەوەیە نەماوەو بە چەند ساڵ لە دوای مەرگی خۆیەوە ،بە تاییەتی لە کۆتایی بیستەکانەوە شکستی هێناوەو ئاکامی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ،کە مەسەلەی بە دەسەلآت گەیشتنی چینی کرێکار بوو لە روسیادا و بەمەش جەمسەربەندی یەکی چینایەیەتی مەزنی لە جهاندا بەدیهێنا و گەورەترین ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانی لە ساڵی 1919 یانی ئەنتەرناسیونالی سێهەم( کۆمنترن ) پێکهێنا، بەلآم ئەو وانەو تاقی کردنەوەی لینین ،یانی ئیرادەی ئینسانی چینایەتی کرێکاران بە قوەتی خۆی بۆ ئێمە زیندووە .وە لینینیزمیش ، سەڕەرای گرینگی هەموو باسە فکری _ تیۆری یەکانی، بۆ ئێمە  کۆمۆنیستەکان و ڕابەرانی چینی کرێکار لەو توخمەدا زیاتر ماناى پراتیکی حزبی  پەیدا دەکات.**

**بە  پێچەوانەی تەواوی ڕەوتە جیاوازەکانی چە پی حاشیەیی و تەقلیدی  کە تەفسیرو ئە نجامگیری دڵخوازانەو  نا واقعی و تەکامولگەرایی لە تێورو شیکردنەوەکانی مارکس بۆ قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵگاو بە تاییەتی سەرمایەداری  دەکەن . جارێك مارکسیزم وەك فەلسەفەیەکی ئەبستراکت و یان زانستی ئابوری و سیاسی و فکری مجرد دەردەکێشن و لە ناوەڕۆکە زیندوە شۆڕشگێرییە ئیرادەمەندییە ئینسانی و کارگەری یەکەی خاڵی دەکەنەوە.تەنانەت نەك هەر چە پی دەورانی خودی لینین ، لە رابەرانی ئەنتەرناسیونالی دووەم لە چەشنی کاوتسکی و برینشتن تا دەگاتە مەنشەفی یەکانی مارتۆف و مارتینۆف و بەڵکو تا دەگاتە بلیخانوفی بیرمەندی نوخەبەی بە رووسی کردنی مارکسیزم و  تەنانەت کەسایەتی یەکانی پاڵ دەستی خودی لینین لەوانە تروتسکی و ستالینیش درکی واقعیان بەوێنەو ڕادەی لینین بە ڕۆلی توخمی شۆڕشگێڕ نەکردبوو لە دەورانی قوناغی وەرچەخانە شۆشگێری یەکان تا ئەو کاتەی لینین تێزەکانی مانگی نیسانی نەنوسی زۆربەی هەرە زۆریان مەشغەڵەتی تەکامولی سەرمایەداری و قوناغبەندی شۆڕش بوون .وە هەوڵەکانی لینین یان بۆ گرتنە دەستی دەسەلآت لە لایەن چینی کرێکاران و زەحمەتکیشانەوە بە ڕابەری بەلشەفی یەکان بە ئیرادەگەری ڕووت و کودەتا ناو دەبرد.تەنانەت هەر ئەم تێزە تەکامولگەرایی یەی سەرجەم مەنشەفی و تەنانەت بەشێك لە ڕابەرانی خودی بەلشەفیش لەوانە کامینیف وزەینوفیف  بوو کە بووە ئالآی دەستی سەرجەم بۆرژوازی , سەرانی ئەمپیریالیزمی جهانی کە بەهۆی پێشبینی نەکردنیان وبێ ئەزمونیان لە دەسەلآتی چینی کرێکاران وای کرد ماشینی ئیعلامی یان بەرێ بخەن تا هەمان زوڕنای مەنشفی یەکان بژننەوەو بلێن لینین و بەلشەفی یەکان کودەتایان سازداوە. بەمەش زیاتر ڕێگا خۆش بکەن بۆ بۆرژوازی ڕوسی و جهانی، وێرای بێ ئەزمونی و لاوازی و نارۆشنی یە ناوخۆی یەکان نێو بەلشەفی و سەرجەم بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و چەپ و سەرجەم روسیا، بقۆزنەوەو ئابلوقەی کۆماری سۆڤیتاتەکان بدەن و دەست بنێنە بینەقایی و گەمارۆی ئابوری و سەربازی بدەن و دەیان دەستەو تاقمی لۆمپێن بەکرێ بگرن بۆ ڕوخان و بەلاڕێ دا بردنی دەسەلآتی کرێکاران، لە چەشنی سەدرەشەکان ( المائە السود ) قۆزاقەکان کە پیش شۆرشیش  لە لایەن بۆرژوازی یەوە پێکیان هینابوون کە تاقمی بەکرێگیراوی بۆرژوا لۆمپەنی ڕوسی بوون، کە شەوانە هەڵیان دەکوتایە سەر  ڕابەرانی کرێکاران و شوڕاکان و بۆلشەڤی یەکان و تەڕو وشکیان پێکەوە دەسوتان.بەلآم سەرباری ئەو هەموو گرفت و بەرهەڵستی یانە دەسەلآتی سیاسی  چینی کرێکاران و ئاکامی شۆرش**

که بڕیار بوو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسان و ئابوری یەکی سۆسیالستی بێت، بوو بە قوربانی نارۆشنی یەکانی خۆدی بەلشەفیزم.ئەویش بە نەبونی ئاسۆ و ئالتەرناتیڤێکی ئابوری سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی .

هەڵبەت ئەگەرچی لەم بارەیەشەوە لینین تاکە ڕابەرێکی مارکسیست بوو نەخشی دیاری هەبوو ئەویش بە تەرح و پێشنیار کردنی چەندین تاکتیك و شێوازی ئابوری لە چەشنی: شەممەکانی کۆمۆنیستی و، کۆمۆنیستی جەنگی و، هەروەها سۆفۆخوزات و، کۆڵخۆزات، لە مەیدانی ئابوری کشتوکاڵی دا بەلاَم هچ یەکێك لەم تاکتیکانە بەلشەفی یەکانی نەگەیاندە ئەلتەرناتیڤێکی ستراتیژی ئابوری سۆسیالیستی پایەدار تا بەلشەڤی یەکان و دەسەلاَتی سیاسی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە قەیرانە هەمە لایەنەیەکان ڕزگار بکات.ئەمانەش ئیتر بوونە کۆمەڵێ لاوازی و گرفتی تر کە ڕێگا زیاتر خۆش ببێت بۆ هاتنە پێشەوەو سەرهەڵدانی بەدیلی ئابوری بۆرژوا ناسیونال رووسی سەرمایەداری دەوڵەتی و ناساندنی ئەمەش بە دەوڵەتی سۆسیالیستی و سەرهەڵدانی بیروکراسی و بەر تەسك بونەوەی ماف و ئازادی یە سیاسی یەکان.وە بە تاییەتی ئەم دیاردەیە لە دوای مەرگی لنین لە ساڵی 1924 بە دواوە تا کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سی یەکان ئیتر ڕەوتی ستالینی کە نوێنەری ئەم ڕەوتی سەرمایەداری دەوڵەتی یە بوو بە تەواوی کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی هەم حزبی بەلشەڤی و هەم دەسەلاَتی شورا کرێکاری یەکانی کرد .بەلاَم بە داخەوە سەرەرای بوونی کۆمەلیکی زۆر لە رابەرانی بەلشەفی بە وێنەی ئۆپۆزیسیۆنی خەتی ستالینی لە پیش هەمویانەو ئۆپۆزیسیۆنی چەپی ناو بەلشەفی و تەنانەت خەتی تروتسکیش نەیان توانی هیچ ئاسۆیەك بەدی بێنین نەك هەر ئەمە بەڵکو هەمویان لە بەرانبەر ڕەوتی ستالینی زۆرکات پاسیڤی یان هەڵبژاردوە.

بەلاَم لەگەڵ هەموو ئەم کەم و کوڕی یە سیاسی و فکری و عەمەلی و ئاسۆ نارۆشنانە و لەگەڵ شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو کۆتایی دەسەلاَتی چینایەتی کرێکارانیش هێشتا بۆ ئێمە کۆمۆنیستەکانی ئەمڕۆو ئایندە لینین و لینینزم ڕەمزی ئیرادەی ڕابەری چینایەتی ئینسانی کارگەران و زەحمەتکێشان و سەرجەم ئینسانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازو ڕێگای گرتنە دەستی دەسەلاَتی سیاسی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانە لەسەرجەم دونیا.

وە ئەم مەسەلە موشەخەسەی لنینیزم هەر کەسێك ئەگەر وەك مارکسیستێکی دوێنی و ئەمڕۆ سەرنج بدات لە یەکەم وتاری لنین بە ناوی (بەچی دەست پێ بکەین- بم نبدا)لە تەمەنی 17 ساڵی دا پاشان کتێبی دۆستانی گەل کێن و چۆن شەری سۆسیال دیموکراتەکان دەکەن لە تەمەنی 23 ساڵی دا، تا دەگاتە دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراسی و، دەبێ چی بکەین و، ئەمپریالیزم دوا قۆناغی سەرمایەداری و، پەرەسەندنی سەرمایەداری لە روسیاو، هەنگاوێك بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوەو ،دکتاتۆری پرۆلیتاریا و کاوتسکی هەڵگەراوە ،تا دەگاتە کتێبی ماتریالیزم و ڕێبازی ڕەخنەی تاقیگەرانەو، دەسنوسە فەلسەفی یەکانی( مخطوطات فلسفية ) و ، تا تێزە بەناو بانگەکانی بەناوی تیزەکانی مانگی ئەپریل لە 1917 و، نامەکان بۆ هاورێیان و ،پاشان ئایا بەلشەڤی یەکان دەتوانن لە دەسەلاتدا بمینەوە؟ و ئەمانەو سەدان و بگرە هەزاران وتارو نوسینی نامەی جۆراوجۆر بونەتە بنەمای سیاسی و فکری و پراتیکی حزبی لینینیزم و توراسیکی زۆر مەزنە کە لینین لە ماوەی 54 ساڵی تەمەنی دا کردیە ئیزافە بۆ سەر توراسی فکری و سیاسی و پراتیکی مارکسیزم کە هەمویی لە پێناوی ئەوەدایە کە چۆن مرۆڤ و مرۆڤایەتی پێویستە و ئیرادەی گۆڕینی ئەم دونیایان بۆ دونیایەکی باشتر و مرۆڤ خۆی توخمی سەرەکی ئەو ئاڵۆگۆرەیە. بە تاییەتی لە جهانی چینایەتی ئەمڕۆداو لە سایەی دەسەلاَت و سیستەمی سیاسی سەرمایەداری و چینی بۆرژوازی دا ئەوە ئەرکی سەرەکی کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکارە، کە توخمی بە ئیرادەی شۆرشگێرانەن لە پێناوی ئەو ئاڵوگۆڕو وەرچەخانە سیاسی و ئابوری و کۆمەلاَیەتی یە خەبات بکەن لە پێناوی بەدی هینانی دونیایەکی بێ چین و چەساوە.

15 جەنیوەری 2010